# کچە ئەستێرە

ئەفسانەیەکی هیندییە سوورەکانە

گێڕانەوەی:

Barbara Juster Ebensen

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە:

**محەمەد فەریق حەسەن**

وێنەکێشان: شێروان موحسین



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

* * *

ناوی کتێب: کچە ئەستێرە – چیرۆک بۆ منداڵان

گێڕانەوەی: Barbara Juster Ebensen

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن

بڵاوکراوەی ئاراس: ٢٣٣

دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب – دلاوەر صادق أمین

دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە

پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود

چاپی یەکەم: هەولێر– ٢٠٠٤

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر: ٢٠٠٣/٤٠٢

# کچە ئەستێرە

دەگێڕنەوە سەردەمێکی زۆر زوو، کاتێ سەرپاکی خێڵە هیندییەکانی سەر زەوی ئارام دەژیان. ئەو دەمەی جەنگیان دژی یەک بەرپا نەدەکرد. خۆر درەوشاوە و هەردەم هاوین بوو.

ئەو دەمانەی هەموو جۆبار و ڕووبارەکان ڕوون و خاوێن و پڕی ماسی بوون... بەسەر هەموو درەختێکەوە باڵندە هەڵدەنیشتن و ئاسمان پڕی چریکە و خرۆشی مەلان بوو. زەوی بەپیت و هەرچی دڵی مرۆڤ بیخواستایە بە لێشاو بوو.

ئەوان بە درێژایی ڕۆژ سەرگەرمی ڕاوی کێوی و ماسی بوون... میوەجات و گوێز و بادامیان دەڕنی.

ئەو دەمەی لە قەدی درەختە توێکڵ سپی و گەڵا چۆن دەرزی و لق و پۆ چڕەکانی باکور، بەلەمە درێژکۆڵەکانیان دروست دەکرد. دەیانتوانی بە ئاسانی، بەبێ ڕەنج و تەقەللایەکی سەخت، بەنێو ڕووبار و دەریا بەرینەکان بکەون و بەلەمڕانی بکەن.

ئێوارانیش کاتێ کاری ڕۆژانە دەهاتە کۆتا، لێ ڕاهاتبوون لە ئاسمان ڕابمێنن...

حەزیان لێ بوو، لە گۆی زیوینی مانگ ڕابمێنن، کاتێ بە ئاسمانی تاریکدا هەڵدەزنا.

حەزیان لێ بوو، سەرنجی ئەستێران بدەن، کاتێ دەدرەوشانەوە و تیشکیان دەدایەوە چون بلوور.

شەوێکیان

ئەو دەمەی ئاسمانی بان مێرگجاڕ بە بریسک و هووڕی ئەستێران درەوشاوە بوو. شتێکی تەواو نوێیان دی.

ڕۆشنترین ئەستێرە بوو، تا ئەو ساتە دیبێتیان.

لە کاتێکدا ئەمان لێی ورد دەبوونەوە، ئەو دەستی بە گەشت کرد.

تەواو داهاتەوە و نزیک زەوی بۆوە!

ئەمجا وەستا. دەیانتوانی بیبینن... چون چلچرایەکی سپی سپی، ڕێک بە ئاسمانی بان لوتکەی چیایەکی دوورەوە دەدرەوشایەوە. داخۆ ئەمە چ نهێنییەکی





تێدابێ؟
هەموویانی سەرسام کرد.
شەو لە دوای شەو چاویان لەسەری بوو، سەرنجیان دەدا.
ئەو لە ئاسۆی بان لوتکەی چیاکە دوور نەدەکەوتەوە.
ڕۆژان بە دوای یەکدا هاتن و چوون.
ئەنجام سەرخێڵ وتی:
«با دەستەیەک جەنگاوەری دلێر بەرەو چیا دوورەکان بکەونە ڕێ، تاکو بچنە بنج و بناوانی. ئەمجا بگەڕێنەوە و پێمان بڵێن ئەم دیاردەیە چییە!»
جەنگاوەرە دلێرەکان بەرەو چیا دوورەکان کەوتنە ڕێ.
کاتێ گەڕانەوە، وتیان:
«شتێکمان دی، بە بەرزاییەوە دەدرەوشایەوە. ڕێک بە ئاسمانی بان دار کاژێکی چڕەوە ئاویزان بوو. هیچ وەڵامێکی پێ نەدایین. ئێمەشی ترساند!»

***

هەمان شەو
یەکێ لە جەنگاوەرە دلێرەکان خەونێکی دی.
لە خەونەکەیدا شۆخە کچێکی دی، بە ڕۆشنایییەکی زیوئاسای بە بریق و باق دەورە درابوو. بەڵێ ڕووناکییەکی زیوینی لێوە پەخش دەبوو.
لەگەڵ جەنگاوەرە دلێرەکە بە قسان هات.
دەنگی چون زرنگانەوەی ژێی لە زیو داڕێژراو بوو.
ئەو باڵە پرشنگ هاوێژەکانی بۆ درێژ کرد و وتی:
«شەنگم لەبەر برا ئەمەندە بە ئاسماندا بێم و بچم، زەمینەکەی تۆ بۆ لای خۆی ڕام دەکێشێ.
من حەزم لە شنەی بایە کاتێ بەسەر گیاجاڕدا هەڵدەکات، حەزم لەو ڕەنگانەیە کە لە ژێر خۆمەوە دەیانبینم.
ڕووبار و دەریاکانیشم خۆش دەوێ.





پێم خۆشە دەستەکانم بۆ ئاوە ڕۆشنەکان داهێڵم کە بەردەوام دەبریسکێنەوە.
من لە خێڵەکانی ئێوە وردبوومەوە
منداڵەکانتانم دی لە گوندەکاندا یارییان دەکرد.
لە نێو سەوزە گیادا خۆیان دەتلانەوە.
بۆیە من زۆر خۆشحاڵم لە نێو ئێوەدا بم.
ئیدی هەرگیز بەو سەراوردەوە، بە ئاسمانی تاریکدا گوزەر ناکەم.
با پیاوماقووڵانی ئێوە هاوکاریم بکەن.
با ئەوان ئامۆژگاریم بکەن،
چ شێوەیەک وەربگرم،
بۆئەوەی هەتا هەتایە لە دنیای ئێوەدا بژیم.»

***

کوڕە جەنگاوەری لاو لە خەو ڕابوو.
هێشتا هەر شەوبوو، خەونەکەی هاتبووە کۆتا.
کیژە زیوینە درەوشاوەکەش ون بوو.
کاتێ سەرنجی چیا دوورەکەی دا،
چرا ڕۆشنەکەی لەوێ دی،
بەرز بە بان چڵەپۆپەی دار کاژە چڕەکەوە بوو.
ئیدی کوڕە لاو دیسان خەوی لێ کەوتەوە.
بەیانیی داهاتوو
کوڕە جەنگاوەری لاو خەونە سەیرەکەی بۆ سەرخێڵ گێڕایەوە.
سەرخێڵ بانگی پیاو و ژنە دنیا دیتەکانی کرد.
سەرخێڵ ڕابوو، وتی:
«ئەستێرەیەک دەخوازێ لەسەر زەوی بژی. پێویستە خەڵکی بەخێرهاتنی بکەن. لە ڕێز و فەڕی هاتنی ئەم ئەستێرەیەوە ئاسمانی شینی بان مێرگ جاڕەکەمان پڕ دەبێ لە چریکە و خرۆشی مەلان.





لێرە لەسەر زەمین ئەو ناتوانێ ئەستێرەیەکی پرشنگدار بێ.
بۆیە دەبێ ئەو سەرپشک بێ، چ شێوەیەک هەڵدەبژێرێ.
ئەو دەتوانێ ببێتە گوڵێک، لەو گوڵانەی لە زەوی شین دەبن.
ئەو دەتوانێ ببێتە ماسییەک، لەو ماسییانەی لە ئاودا مەلە دەکەن.
ئەو دەکارێ ببێتە مەلێک، لەو مەلانەی بە ئاسمانی بێگەرددا دەکەونە باڵەفڕە.
لە هەر کوێیەک ئاسوودەیی بە دەست بێنێ، ئەوێ دەبێتەماڵی.
با بڕۆین! ئێمە دەبێ بیدۆزینەوە و ئەم ڕاوبۆچوونانەی پێ ڕابگەیێنین!»
سەرخێڵ و دەم سپییەکان ڕاست بوونەوە.
لەسەرخۆ بە دەوری ئاگرەکەدا سووڕانەوە.
گۆرانیی خۆشهاتنیان چڕی.
داری بۆن خۆشیان خستە ناو بڵێسەی ئاگرەکەوە.
بۆن و بەرامەی خۆش بەرز بۆوە و، بەرەو ئاسۆی بەربەیان هەڵکشا.
ئەمەش سڵاو بوو لە ئەستێرەکە.
ئێوارەی داهاتوو لاوە جەنگاوەرە دلێرەکە گوندی جێ هێشت. ڕووی کردە چیا دوورەکە.
بۆ لای چرا زیوینە درەوشاوەکەی ئاسمانی بان چڵەپۆپەی دار کاژەکە.
ئەو سەرنجی بەرزاییی دا و ڕۆشنایی بە گوڕ بەرەو ڕووی هات.
خۆی بوو، کچە زیوینەکەی ناو خەونەکەی بوو.
ئەم گەڕایەوە دواوە و، کچەش شوێنی کەوت.
کچە بە بەرزاییییەوە باڵەفڕەی بوو.
ڕێگە تاریکەکەی بۆ ڕۆشن دەکرد.
کاتێ لاوە جەنگاوەرە دلێرەکە گەیشتەوە ماڵ،
هەموو لە بن دەوارەکانیان هاتنە دەر بۆ دیتنی کچە ئەستێرە.
ڕۆشناییییە دڵفڕێنەکەی کچە ئەستێرە،
بە درێژایی شەو بەسەر دوورگەکەیاندا شنایەوە و خەرمانەی دا.





کە ڕۆژ بۆوە،
کچە ئەستێرە چووە شێوەی گوڵێکەوە،
کە بە لاپاڵی کێوێکەوە ڕوا بوو.
خەڵکەکە دەنگی ئەویان بە ئاسمانی بان سەریانەوە دەبیست.
«ئەمە دەبێتە ماڵی من. ئیدی لە شێوەی ئەم گوڵەدا و لەسەر زەوی ژیان بەسەر دەبەم.»
بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر دیسانەوە گوێیان لە دەنگی بوو.
ئەو وتی:
«ئەم گوڵە لە دووری گوندەکەوە ڕواوە،
من لێرەوە هەرگیز ئەو خەڵکە نابینم کە خۆشم دەوێن.»
ئیدی گوڵەکەی جێ هێشت و سەرەوخوار باڵی گرت،
بەرەو کەروێشکەی گیاجاڕە بەرینەکە.
لێرە گوڵاڵە لە هەموو ڕەنگێ ڕوابوون.
کچە ئەستێرە بە شەماڵی وت:
«لەم گیاجاڕەدا دەژیم.»
گوڵێکی گچکەی هەڵبژارد، شین چون ئاسمان
«ئا لێرەدا دەژیم.»

***

بەڵام ئەویش شوێنێکی گونجاو نەبوو.
هەموو ڕۆژێ زەوی لە ژێریدا دەلەرزی و دەهەژا.
گامێش گەلی کێوی، بە هرووژم دەکەوتنە نێو گیاجاڕەکە.
بە سمەکانیان دەیانکێڵا و زەوییەکەیان هەڵدەگێڕایەوە.
کچە هاواری لێ هەڵسا:
«ناتوانم لێرەشدا بحەسێمەوە!»
خەڵک ئەو شەوە پرشنگی ئەویان دی دەدرەوشایەوە.





هەوراز بۆ سەرو ئەوان، بەرەو ئاسمانی تار هەڵکشا.
ئەوان بەم کۆچە خەمگین بوون.
لەوە دەترسان، بۆ هەتا هەتا جێیان بێڵێ.
خاکەکەی ئەوانی بە دڵ نەبووبێ و
نەیتوانیبێ جێیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە بە ئاسوودەیی تێیدا بژی.
کچە ئەستێرە بەرز بەسەر دەریاوە دەشنایەوە.
خۆی لەو تاقی ئاسمانە و
بریسکە زیوینەکەشی لە دەریای تاریکدا دەینواند.
هەموو چرا دەستە خوشکەکانی ئاسمانیشی
لە دەریادا وێنەی خۆیان دی.
خەڵکەکە بۆی تاسەبار بوون.
جارێکی دی گوێبیستی زرنگانەوە زیوینەکەی دەنگی بوون.
بانگی کرد:
«خوشکەکانم، خوشکەکانم، گەشتەکانتان ڕاگرن!... پێکەوە لەگەڵ مندا ئارامی بدۆزنەوە. وەرن با ئەم ئاوە ڕاوەستاوانە ببێتە ماڵمان.»
خەڵکەکە ئاسمانیان دی لەبەر ڕۆشنایی چرا بێ ژمارەکاندا دەلەرزی.
هەروەها دەریا تاریکەکەشیان دی، ببووە ژینگەی ئەستێران.
ئەوان ئەم پرسیارەیان لە یەکدی دەکرد:
«ئەمە چ مانایەک دەبەخشێ؟»
دەم سپییەکان زەردەخەنەیان هاتێ. سەرخێڵیش هەروەها زەردەخەنەی هاتێ، وتی:
«با ئێستا ئارام بین و بنووین، ئاخرییەکەی کچە ئەستێرەکەمان ماڵی بۆ خۆی دۆزییەوە.»
شەوبای نەرم و نیان سروەی هات.
مرۆڤ گوێی لە ماسیگرە دەبوو دەیقیژاند و پەپوو دەیخوێند.





کاتێ ڕۆژ بۆوە، گۆڕانکارییەک رووی دابوو.
سەدان ئەستێرە بەنێو دەریا شینەکەدا پەرشوبڵاو ببوونەوە.
نەخێر!... ئەستێرە نەبوون!...
ئەوان سەدان گوڵئەستێرە بوون!
نیلۆفەڕی ئاوی بوون!

***

کچەئەستێرەماڵی خۆی لەم زەوییە دۆزییەوە.
خوشکە ئەستێرەکانیشی گوێڕایەڵی بوون.
ئەوانیش وازیان لە گەڕانی شەوانەی ئاسمان هێنا.
دابەزینە نێو دەریاوە، تاکو پێوەندیی بە کچە ئەستێرەوە بکەن، لە ماڵە نوێیەکەیدا.
سەراپای خەڵک بە سواری بەلەمە درێژکۆڵەکانیانەوە کەوتنە بەلەمڕانی. ئەوان خۆیان بۆ ئاوەکە دەچەماندەوە تاکو دەست لە گوڵە سپییە جوانەکان بدەن.
نیلوفەڕی ئاوی!
ئەوانە، ئەو ئەستێرانەن کە شەوێک لە شەوانی سەردەمێکی زۆر کۆن، لە بڵندایی ئاسمانەوە بەربوونەوە.
ئەگەر نیلوفەڕێکت دی، بە هێمنی دەستی پێدا بێنە.
پەڕەکانی لەبەر خۆر دەدرەوشێنەوە،
وەک ئەو ئەستێرە گەشانەی، جارێ لە جاران بە تاقی ئاسمانەوە جریوەیان هاتووە.
نیلوفەڕەکان!. بە هێمنی دەستیان پێدا بێنە و لە یادت بێ، ئەوانە ئەستێرەن.

سەرچاوە:

Stjernepigen
Genfortalat af: Barbara Juster Esbensen
På dansk ved: Susanne Gronborg og Knud Holst 1989 Carlsen Forlag, Copenhagen.



